بەرکەوتێکی هەڵسەنگاندنو لێکۆڵینەوە لەمەتەڵی فۆلکلۆری کوردیدا

سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر
ئەندازیاری کشتوکاڵی یەکەم/ هەولێر

نەتەوەی ئێمە وەک هەر نەتەوەیەکی رەسەنی سەر رووی ئەم زەویە خاوەنی زمانو مێژوو دابو نەریتی تایبەتی خۆیەتی. لەفۆلکلۆریشدا ئەگەر لەوان دەوڵەمەندتر نەبێ هەرگیز هەژار تر نی‌یە. بەڵام بارودۆخێکی گونجاوی بۆ نەڕەخساوەو هەلێکی بۆ هەڵنەکەوتووە کە بتوانێ بەپوختی کۆی بکاتەوەو بڵاوی بکاتەوە، تاخۆی بەتایبەتیو مرۆڤایەتی بەگشتی سوودی لێ وەربگرن. بیانی‌یەکان لەپێش ئێمەدا هەستیان بەم گیرو گرفتە کردووە، بۆیە ڕۆژ هەڵاتناسو گەڕۆکەکان لەکۆنەوە(جا بەهەر مەبەستێکو بۆ هەر مەبەستێک بووبێ) لێرەو لەوێ زۆر بابەتی مێژوویی‌و فۆلکلۆریان کۆکردۆتەوەو وەریان گێڕاوەو چاپیان کردووە. بەڵگە نەویستەو هیچ پێویست بە روونکردنەوەو بەراورد کردن ناکات ئەگەر - بڵێین: بیانی یەک لەهەندەران ڕابێتو لەگەشتێکی سەرپێ‌ی دا، ئەدەبی سەر زارەکی لەکۆمەڵێکی نەخوێندەواردا پەرتو بڵاوکۆبکاتەوە، هەرگیزاو هەرگیز وشی لەدوای ئەم ئەدەبە فۆلکۆرە ناکات کە ڕۆڵەی ڕۆشنبیرو دڵسۆزو هاوزەمانی هەمان نەتەوە لەناو جەرگەی کۆمەڵەکەی خۆیاندا کۆیبکاتەوە. بۆیە دەبێتە مایەی بەختەوەری‌و شانازی، کەوا ڕۆشنبیری خەمخۆری نەتەوەکە، فریای کۆکردنەوەی بکەونو لەفەوتان ڕزگاری بکەن، بەتایبەتی کەئێستا ڕەو ڕەوەی گۆڕان گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی‌و... زۆر بەخێرایی دەخولێتەوەو بەرەو شارستانیەتێکی فراوانو نادیار مل دەنێت. زۆر وریا نەبین لەرابردوی خۆمان دادەبڕێین، هەر میللەتێکیش ڕابردووی ڕەسەنایەتی خۆی بزربکات گومڕاو سەرلێ شێواو دەبێتو خۆی بۆ نادۆزرێتەوە. جا ئەگەر هەر کەسەو لەگولکە (گوێرەکە) سورێک بپرسێتەوە، ئەوا گاڵەر گاڕانەکەمان بەگردەوە بێ، سەرو شوێن ناڕوات، بە تۆمار کردنی فۆلکلۆرو دابو نەریتەوە زۆر شتی مێژوویی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و.. هتد گەلەکەمان لەدەست نادەین. زۆر کەرستەی خۆماڵی ڕەسەنو زیندوو بۆ نەوەکانی داهاتوومان دەپارێزین. کەئێستا بێ نازو کەم نرخنو ئەوکاتەش بەهیچ نرخێک دەست ناکەون. بۆنموونە:- خوالێخۆشبوو مامۆستا (توفیق وەهبی) دەربارەی ووشەو ووشە ڕۆنان لەسەرەتایی حەفتاکان نووسیبوی:- (من کە دەستم بەنووسینی ڕێزمانی کوردی کرد، بۆ زۆر زاراوەی سەرەکی دادەمام بۆ جێگری رستە (الجملە) بەکوردی زۆر گەڕام، بەڵام دواجار (رستە)م بەکار هێنا. رست:- داوێکە راوکەر لەملی تاژی دەکات، چەند داوێک بەیەکەوە دەهۆننەوە دەبێتە رستن) جا چەند ووشەیەک کە بەیەکەوە ببەسترێتەوەو مانایەکی پڕ واتا ببەخشێت (رستە) پڕ بەپێستە. ووشە گواستنەوە لەمانایەکی کۆن بۆ مانایەکی هاوچەرخو نوێ کەپێویست پەیدای دەکات پێویستیەکی پیرۆزە.

زمان دەوڵەمەند دەکاتو دووری دەخاتەوە لەووشەی نارەسەنو داتاشراوی گەپو ناشیرین، یا پەنا بردنە بەر ووشەی بیانی. بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەبێتە مایەی بەدبەختی‌و شەرمەزاری، ئەگەر ئەوکەسانەی بەم کارانە هەڵدەستن شیاوی ئەم ئیشانە نەبن لەرووی زانیاری‌و ڕۆشنبیرییەوە. هەموومان دەزانین کە ئەدەبی فۆلکلۆری بەسەر زمانی نەوەکانی میللەت دا پشتاو پشت هاتووە، بەپێ ی کاتو شوێن، گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە. لەیەک کاتو شوێنیش دا کورت

Scanned by CamScanner

کردنەوەو تێکردنەوەی لەگەڵ دا کراوە، بەپێی رادەی ڕۆشنبیریو زیرەکی ئەوکەسانەی کەفۆلکلۆریان لێوەردەگیرێت ئینجا بۆ نووسین بێت یا بۆ فێربوونی سەرە زارەکی، ئەو کەسەی ئەرکی کۆکردنەوەو لێکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری بخاتە ئەستۆی خۆی، دەبێ بزانێ هەویرەکەی چەند ئاو دەکێشێ، دەبێ خۆی بۆ گەشتێکی دوورو دڕوار ئامادە بکات، وەرس بوون نەزانێ هەر تێکستێکی فۆلکلۆری کەلەسەر زمانەوە دەڕژێتە سەر پەڕەی نووسین هەڵناگیرێتەوە.

ئەدەبی ئێستامان بناغەی لەسەر ئەدەبی دوێنێو پێرێمان دامەزراوە کەفۆلکلۆرە ئەدەبی بەیانیشمان دەبێتە چەند ریزە دیوارێک لەسەر دیواری ئەدەبی ئەمڕۆمان. هەر بەردێک ناوەستایەک لەم بینایەدا دابنێ دەبێ تاچ رادەیەک زیان بەخۆڕاگریو جوانی ئەپارتمانەکە بگەیێنێت؟ پێش بڵاوکردنەوەی هەر بەرهەمێک پێویستیەکی زۆری بەتەنەکردنو بژارکردنو بەراورد کردنی چەند جارەکی هەیە، دەبێ دەقی فۆلکلۆری بەئامانەتێکی پیرۆز بزانین، بەبێ زیادو کەم بەڕاستیو ڕەوانی بڵاوبکرێتەوە، تا ببێتە بەرهەمێکی مێژوویی بایەخدار، ئەو کاتە (دەستی ماندوومان لەسەر سکی تێر دەبێ). تائێرە رووی قسەم لەهەموو ئەم دڵسۆزانەیە کەشەونخونی دەکێشنو کاتو دراو لەپێناو ئەم ئامانجە پیرۆزە دەبەخشن، بۆ بنیادنانی دوارۆژێکی رووناک، بەشێکی زۆر کەم لەئەدەبی فۆلکلۆریمان تائێستا کۆکراوەتەوە، بەدەگمەنیش هەڵسەنگاندنو لێکۆڵینەوەی بۆ کراوە.

کەنووسەرێک دەقێکی فۆلکلۆری بڵاودەکاتەوە، بزانێ نووسینەکەی بەچاوی ووردبین دەپشکنن، بەتەرازووی زێڕکێشان دەکێشرێت، تۆژینەوەی بۆ دەکرێت، نووسەرەکە پتر لەنووسینەکەی دەخەفتێو کۆکترو بەپێزتری دەکاتو بەرهەمی زۆرو بۆریشمان زۆر نابێ. رەخنەو لێکۆڵینەوە دەبنە هۆی رۆشنکردنەوەی کەلێنو قوژبنی نالیارو تەمو مژاوی، دەبێ ببێتە هۆی گەشەکردنو پێ گەیاندن. هەڵچوونو دەمارگیری نەبێ، کپ کردنەوەی گیانی هەولدانو کوژاندنەوەی چرای داهێنان نەبێ. منیش بەپێی توانای خۆم ڕووم کردۆتە ئەم مەیدانە، تەمەنێکە خەریکی بەدواداچوونی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردیم، بەڵام بەبێ بڵاوکردنەوە، روی نەبوونیو چەرخی بەدکار رەش بێت، هیوادارم بتوانم بەرهەمەکە بخەمە بەر دیدەی ئێوەی ئازیز، ئاواتەخوازیشم خاوەن تواناو شارەزاو بەهرەدارەکانمان لەم بوارەدا دەستەوەستان نەوەستن، ساغ کردنەوەو راست کردنەوە بەئەرکێکی پیرۆزی سەرەکی بزانن، بەچاوێکی رەخنەگرانە بڕواننە تێکستە فۆلکلۆریەکان، تا مانگ ئاوا نەبووەو تاریکە شەو دانەهاتووە. چونکە دەقەکان بەرهەمی تاکە کەسێکو تەنیا ناوچەیەک نییە، بۆیە بەتەنیا کەسێکو یان لەناوچەیەک ناتواندرێت سامانی پوخت کۆبکرێتەوە، ئەگەر هەولی بەکۆمەڵی بۆ نەدرێت.

بەخوێندنەوەی سەرچاوەکان دەزانین کەسەرو گوێی چەند مەتەڵی فۆلکلۆریمان شکاندوە، چەند مەتەڵ بەناوی فۆلکلۆرەوە داندراون، چەند مەتەڵیش بەناوی یەکەم جار بلاوکردنەوە دووبارەو دەبارە چاپ دەکرێن. تارادەیەکیش کەموکورتییەکانیان کەم بکەینەوە. بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەش دەبێ وەلام بۆ ئەم پرسیارانە بدۆزینەوە. مەتەڵی فۆلکلۆری چییە؟ کەی داندراوە؟ کێ دایناوە؟ بۆ کێ داندراوە؟ لەسەرچی گوتراوە، مەبەستو سوودی چییە؟ چەندی کۆکراوەتەوە؟ کامەیان راستەو کامیان ناتەواوە....؟ دەبێ مەتەڵی فۆلکلۆری بەگشتی بەهەموو دیالیکتیکەکانییەوە بێتە گۆڕێ، دەبێ ئاورێکیش لەمەتەڵی فۆلکلۆری نەتەوە دراوسێو مەزنەکانی جیهان بدرێتەوە کەلەبەر کورتەکەی ئێمەو لەسەر چەند لاپەڕەی گۆڤارێک جێگەی نابێتەوە.

ئەم چەند مەتەڵەی خوارەوە، کەتەنها بۆ هێلکە گوتراون، بەڵگەنە بۆ دەوڵەمەندی کورد لەمەتەڵی فۆلکلۆریدا:-

١- ((سایەقەی سامالْ هەوری فەڕەنگی، دوو ئاو لەجامێ هەریەک لەڕەنگێ؟)).

(سەرنجێک لەدەروازەی فۆلکلۆری کوردی/ نەقابەی مامۆستایان/ ل٢٥).

(محمدی مەلا کەریم/ رۆژی کوردستان ژمارە ٦٣ سالی ١٩٨١ ل٣٩).

(د.عزالدین مستەفا رەسول/ ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی/ چاپی دووەم/ ل ٢١٢).

فخرالدین رۆوف/ چەپکێک لەمەتەڵی فۆلکلۆری کوردی/ سلێمانی/١٩٧٨ ل٣٨).

(جمال بابان/ گۆڤاری پەروەردەو زانست/ ژمارە ١/ سالی١/ ٩٦).

٢- ((جامێ (بادیێ) تەنگ، ئاوی دوو ڕەنگ؟)) سەباح اسعد خۆشناو.

((پیاڵەی سپی، ئاوی دوو ڕەنگ؟))

((سینیو فەخفوری ئاوی دوو ڕەنگە؟ بەساردی شلە بەگەرمی توندە (تونگە)؟)). گوڵبژێرێک لەفۆلکلۆری کوردی/ سعداللە شێخانی ل٧١، ((کاشی چینی ئاوی دوو ڕەنگ؟)) بڕەک ئەیوبیان/ مەتەڵەی کوردی/ ئێران/١٩٨٢ ل١٧.

((گۆزێکمان هەیە سپی رەنگ، تێی دایە ئاوی دوو ڕەنگ؟)) مەتەڵەی.ل.١٨

((دەریای دوو ڕەنگ، بێ شەپۆلو جەنگ؟)) مەتەڵەی...ل١٣.

((هەلالەی ئاسمان، هەوری فەڕەنگێ، دوو ئاو لەجامێ هەریەک لەڕەنگێ؟)). مەتەڵەی... ل٢٣.

٣- ((لەدەرێ ئێکە، لەژوورێ دووانە؟)). (زرار خضر رسول هەولێر.)

Scanned by CamScanner

٤- ((مامکێ مـن هـەیدەرە، دوو کراسی لەبەر، ئێک سپی‌یەو ئێک زەرە؟)).

((عەمەرە عەمەرە،، سێ پیستی سپی‌یەو ئێکی زەرە؟)).

(هاتـە مالامـە عەنتـەر، دوو کورتـەکیت بـەر، ئێـک سپی‌یە، ئێـک زەر؟)).

((حەیدەرە، سێ قوتـک لبـەرە، دوو سپی‌نە، ئێکی زەرە؟)).

(احمد عبدالله زەرۆ مامکێن کوردی/ بغداد/ ١٩٨٥ ل٥٠).

((عومەرێ مـام عومـەر، دوو کراسی سپی‌نە، ئێکی زەرە؟)) پێزانی ئالیخـانی دوو مـراری ژ گـەنجینا فۆلکلۆری کـوردی /هـەولێر/ ١٩٨٥ ل٢٦.

٥_ ((کلاوی هەمزە پالەوان، بێ درووماو بێ نیشـان (نـەتیکی هەیە نەدرومان؟)). خـەرمانێک لەمەتـەڵی فۆلکلۆری کـوردی ١٩٧٧ ل١٠ سەردار فەتاح عمر ابراهیم فۆلکلۆر، بەشـی دووەم/ هـەولێر ل١٣) راستمان کردوتـەوە ((کـلاوی هـەمزە پالـەوانی، نـەدەرزی دیـوە نەدرومانی؟)). برەک ئەیوبیان - مەتەڵەی...

٦_ هێسکەی کاسینـە، چ پێبلکـەی نینـە، مـردی تێدا ژینـە؟)). گولبژێرێک.. ل٧١

((قەلایەکم هەیە گەچ گەچین، نەپای هەیە نەپاچین، (هیچ ڕێی نی‌یە تێی بچین؟)).

(محمدی مـەلا کـەریم/ رۆژی کوردستان/ ژمارە ١٣/.) بەشی کۆتایی مەتەڵەکە بلاو نەکرایتەوە.

((قـــەلای گـــەچین، ڕێ ی نـــی یــــە تـــێی چـــین؟)). (خەرمانێک...ل١٠)

((قەلای گێچی، ڕێی نی‌یە تێی چی؟)) (مەتەڵەی... ل١٧)

((قەسری سپی بێ دەرک)). ((قەسری سپی بـێ دەرکە؟)). (ئاواز دزەیی/ فۆلکلۆری کوردی لەناوچەی دزەییاندا/ بغـداد / ١٩٨٤ ل٩٤.)

خانییێ بێ دەرێ (مامێکن کوردی ل٥٣)

((قەسـری سـپی بـێ دەرکەهـ)) (احمـد قرنـی / کـانی / ١٩٨٤ ل١٤٥)

((قەسرا سپی یە ، بێ دەریە؟)) (دوو مراری.. ل٢٦.)

١٥_ ((قەسری سپی بێ دەرگا، زیندەوەرێکی واتێدا؟)).

((گومەتی سپی بـێ دەرک)) (عمر ابراهیـم/ فولکلۆر بەشی دووەم / ١٩٨٥ / هەولێر / ل١٣)

((مامکێ منۆ خانیێ بێ دەری؟)) (احمـد زەر روو/ نووسـەری کورد ژ٨ ل٢٢)

لاوێ (مێرێ) زەری، یـێ دقەسـرا سپیدا؟)) (نووسـەری کـورد ژ٨ ل١٩)

کاروان ژ.٤٨/ ١٩٨٦ ل١٠٦ صدرالدین خۆشناو)

١٦_ (زەرێ زەرانێ، ل ناڤ مێزەرا کتانێ، نە ل عەردی یەون ل عاسمانێ؟)). دوو مراری ل١٩

١٧_ ((مەتەلۆکێ مەتەلۆکێ، قوینا تە بکەم مەنجەلۆکێ، ئاڤکێن بانا شلقا ل خۆ ددەن، بێ ببەمە دهوکێ؟)) (دوو مراری... ل٢٧)

١٨_ ((پارەی قونێ (تیکەی قینگ) دەخۆی، یـان دەر خۆنەی قوزی؟)) (خەرمانێک ... ل٢٧ هێلکە دەخۆی یـا دونگی بەرخۆلەی مێ (دەرخۆنە= سەرپۆش)

٢١_ ((زیندوو لەمردوو پەیدا دەبیت، مردوش لـە زینـدوو پەیدا دەبیت؟)) مریشک هێلکەو جیقنـە دەکـات. نـاوەرۆکی مەتەڵەکی لەڕوی زانستەوە راست نی‌یە چونکە هێلکـە زینـدووە ئەگـەر بمرێت نابیتە جووجەڵە.

٢١_ ((وەکی دەبی مریـە حەلالـە (حـەرارە)، هـەر مریـەو حەرامە دبی، لەپاشان حەرار:_ دەبیتەوە؟)) (بەناتەواوی لـە کاروان ژ.٤٨ ل١٠٦ بلاوکرایتەوە)

هێلکـەی حەرامـە:_ هێلکـەی پیـس بـووی، هێلکـە کـە خوێن بکەوێتێ یا تێک بچێت

٢٢_ ڕیتـۆ ژ پـیر تـو دبێـت، پـیر تـو ژ ڕیتـو دبێـت؟)). مامکێن..ل٦٠

٢٣_ ((یەک فەردە خوێی لێنی، دەیخەینە نـاو خـوێێ هـەر سوێر نابێ؟)) (چەپکێک.. ل٣٩)

٢٤_ ((بلوورین گومەزێکم دی - مەهو ڕۆژی لەنێوا بوو،
کەرۆژ هەلدێ لەگومەزدا - بلوورین شوشە ئەشکێنێ
بەفیکری خۆت هەڵی بێنە - موعەمایەکی هیند سەهلە
کەتەیرۆکەش هەڵی لێنی؟)) کامەران موکری/ فۆلکلۆری کوردی

٢٥_ ((نەمریشکە نەبارۆکە، بەسەری خـۆی دادا سپی چارۆکە؟)) مەتەڵەی... ل٢٢.

٢٦_ خرە وەک گۆ... سپی‌یە وەک دۆ ...؟)) خەرمانێک ... ل١٥.

ئەم چەند نموونەیەی خوارەوە، ئەگەر هـەندێک مەتـەڵی جۆراو جۆری ناوچە جیاجیاکانی ولاتەکـەمانی بخەینـە پـاڵ(بەتایـەتی هـەورامی‌و لـوڕی)، بۆ نموونـە دەشـێن کـە لێکۆلینەوەیـەکی تـێرو تەسـەلیان لەسـەر بکرێـت، وەک تۆمـارێکی مێژوویـی بیکەینـەوە، دەربارەی زیرەکی‌و لێزانی‌و بیر تیـژی دانـەرەکانیان، لەچۆنیـەتی ڕێکخستنو دارشتنیان، لەبابـەت زمـانو ڕەوانبێـژی یـەوە. دەتوانین بـارودۆخ و چۆنیـەتی ژیـانی نەتەوەکـە وەک هـەڵهێنانی مەتـەڵەکان هەڵبێنین. ئەگەر لەکشتو کاڵو ئاژەڵداری یـەوە دەست پێ بکەین دەزانـین بـەچ ئـامرازێکو چۆن زەوی کێـلاوە، چی چاندووە، چۆنی دروێتەوە، کوی کوتاوە، چ ئاژەڵێکی بە خێو کـردووە، چۆن سوودی لێ وەرگرتووە، زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەم کەرستەو ئامێرانەی بەکار هێنراوەو چۆنیـەتی بـە کارهێنـانو چـاندنو بەرهـەم کۆکردنـەوەی

گواستنەوە، بگرە تا ساغ کردنـەوەو خواردنـی بەرهەمەکـە لـەناو مەتەڵەکاندا دەدۆزینەوە.

نموونە کان:_

١_ ((حوشتر حایە، لەحەولیە، (بنوی گایە، هەڵسێ چیایە) دایم دەشتە، کون لەپشتە))؟

(فۆلکلۆر بەشی دووەم. ل١٤) بەشێکی کەمە (حوشتر حایـە، لەحەولیە. گەنمی دەشتێ، کون لەپشتێ)). کـاروان ژ.٤٨ ساڵی ٨٦ ل١١١. ((بنوی گایە، هەڵسێ چیایـە))؟ (فۆلکلـۆری یاریـیـەکانی کوردەواری / ١٩٧٧ ل٢٤). زۆربەی کورد لەپێشا کۆچـەرو رەشماڵ نشین بووە. رەشماڵ بە ئەستوندەکەو بەرستی داو لـە حـەوا (هـەوا) ڕادەگیرێت. بەهەڵدراوی قەوارەی گەورەیەو شێوەکەی لەچیا دەکات. کە دەیخەنو دیپێچنەوە بۆ گواستنەوە دەنگو قەبارەی لە گارەشێک دەچێت کە خەوتبێت. مەڕدارو ڕەوەنـدو چۆلپە رستەکان لەدەشتو دەر، لەهـەواری، لـەبناری چیاکـان، لەکوێستانان، لـەنزیک پـاوانو لەوەرگەی پەزەکانیان هـەڵی دەدەن. بـۆ گیر کردنی ئەستوندەکەو ڕاگرتنی رەشماڵەکە، چەند کونێکی تێدایـە کـە هـەڵدرا دەکەونـە سەرپشتی رەشماڵەکە.

٢_ ((قون لەسەر حەردی، سەر لەبن قونێ، دەلە دووان، دەست لەملان))؟

(عەزە کوردەی سەر گـەڕان/ هـەولێر) ((قویـن ل ئاخێو سـەر لەقوینێو دە ل دووا))؟

(نوسەری کـورد ژ٨ ل١٩ سـەر ل قویـن قوتنـە ل ئـەرد دەهـ ل دووا کانی ٩٨٤ ل١٤٣ دەهـ پێیـە سێ سـەرییە دوو دەستە بەیـەک پەرییە).

(کۆمەڵەتێکستی فۆلکلۆری کـوردی/ قـەناتی کـوردو/ل٩٧٦ ل٢٧٠).

هونەرمەندێک، نیگارکێشـێک، تـابلۆی مـەڕ دۆشینو بێر کردنی کێشاوە، بێری لەسـەر زەوی دانیشتووە سـەری بردۆتـە ژێـر دونگی مەڕێک بەدە پەنجـەی هـەردوو دەستی، شیر لـە دووگوانـی مەڕەکـە دەدۆشێ. کاکەی شوان، زیتەو کارامـە لەسـەر سـەرێبری (بـەردەبێر) دانیشتووە، دەستی خستووتە سـەر ملی مەڕەکـە، تـابێری دەڵـێ ((بەرەکـەت)). یـان پـەری یـەک، خـاتونێکی نـەشمیل بەدەنگـە بەسۆزەکەی خۆی چێلێک دەلاوێنێتـەوەو دەیدۆشـی، مانگاکـەش بەسـۆزی دایکایـەتی ووردە ووردە گوێرەکەکـەی دەلێسـتەوە. کەبەهەرسێکیان دەبێ و سێ سەرو دوو دەستیان هەیە.!

٣_ ((شتێک هەیە لەچیایە، سپیاتی سپیانی تێدایە، ناوی گێزەر گیایە، جەرگم بووە کوون کوون، کوندەلانم بێننەکن؟)) (عەیشێ و عەزە کوردەی سەر گەڕان، هەولێر.)

لەکوێستانان، لـەرەشمالان، کابـانی مـەڕ داران، ژاژێو پـەنیر لەشیری (سپیاتی) مەڕو(سپیان) جـۆرە گیـایێکی سروشتی چیاکـان (بینرا) دروست دەکەن ئەو کەسەی ژاژێ بخوات زۆری تێنوو دەبێتو حـەزدەکات ئـاوی سـاردی کونـدەی سـەر کوندەلانـی لەتەنیشـت دابندرێت. سپیاتی:_ درەکەیـە بـۆ شیرو بـەریوومی شیر، سپیان:_ درکەیـە بۆمـەڕ. (سپیاتی، سپیانی)وە (چیایـە، گایـە) ڕەگـەزدۆزی ناتەواوی تێدایـە. رشمالو بێرکردنو پـەنیرو ژاژێ دروست کردنمان بەیەکەوە گرێ داو کردنمانە سێ نموونـەی ئاژەڵداری. دوو نمونـەش بۆ زەوی کێلانو جۆخین کوتان دەینین:

٤_ ((شەش چاوو شەش گوێیە، سـێ سـەرو دەپێیە، چواری چاوە، دار لەناوە، هەشت شـاقاوە (هـەنگاوە) گڵ درەی (بۆدرەی) ناوە))؟

(زینب، خێزانی ملا احمد خەنجەر گەورە/ قوڵتەپە/ هەولێر).

((چواری چـاوە... هەشـتی هـەنگاوە... بـۆ درەی نـاوە؟))

(خەرمانێک... ل١٦)

جووتیارێکو جووتە وڵاخەکەی شەش چـاوو شـەش گوێو سـێ سەرو دەپێیان هەیە.

نیرێک لەسەر ملی وڵاخەکان قایم کراوە، کەچوار کونی (چـاوی) تێدایـە، هـەر کونێکیـش دارکراوەیـەکی لـەناو دایـە، ئـامور (هـەوجاڕ) بەهۆی مژانەو زەنگوڵەو سەر مژانکەو هیرتەوە لەنیرەکە قایم کراوە. بەهۆی گاسنێک کە بەزمانەی هەوجارەکە بەستراوە، زەوی دەکێڵێو گڵ هەڵدەدرێت.

٥_ ((چواری گوێیـە، هەشـتی پێیـە، دەری دارە، پـڕ بزمـارە (لەناوی دا گورگەهارە)؟))

(فاتح محمـد دارەبـەنی). (فۆلکلـۆر/ بەشـی دووەم ل٦/ بـەلام برگەی دولیی نەنوسراوە)

دوو وڵاغ، کـە چـوار گـوێو هەشت پـێ یـان هەیە، جەنجـەرێک لەسـەر خـەرمان ڕادەکێشـن، جەنجەرەکـە لـەدار دروسـت کـراوە، بـەبزماری سـەرزل بزمـار ڕێژکـراوە، دوویاڵتـە جەنجـەڕی لـەناو دایـەو دەخولێتەوە، بیورو چەقۆی تیژو هارو ترسناکیان لێ چەسپ کراوە، بۆ کوتانی (وورد کردنی) قرشە (قەدو گەلاو گولی گەنمی درواوە) بەکاردەهێنرێت، تـا بیکاتـە (کا) و دانەکەی لێ جیابکرێتـەوەو شەن بکرێت.

((ئـەم لای دارو ئـەولای دار، تیایـەتی دوو سـەگی هـار))

(خەرمانێک... ل١٤٠)

٦_ ((چاندم نۆک، شین بوو بی، پەلک پانی بەر هەرمی)).

(بەپەل بی، بەگەلاتوو، بەبەرهەرمی؟)) (خەرمانێک.. ل٢٨)

((هەپلە پانو هەپلەپان، گیایێ شینە، بەلگی پان، کوڕی پـیرە، بابێ جان؟)) (کانی ل١٤٧)

بیرا (جۆخینا) پشتابانی، کاچینتره ژ دانی)) (دوو مراری؟؟ ل٤١). (مامکێن..)

تۆی پەمۆ تارادەیەک بەدنکە نۆک دەچێ، سەوزیو شینی ڕووەکەکەی لە(بی) دەکا. گەڵاکانی پانن، شێوەو قەوارەیان وەکو شێوەو قەوارەی گەڵای داری تووە. قۆزاخەکەی پێش پشکوتن وەک بەری هەرمێ، داوی لۆکە (ڕیشی سپی یە=پیرە)

سپی یە، داوی پەمۆ (کا) بەنرخترە لە تۆی پەمۆ (پەموانە) کە دانەکەیەتی.

٧- ((شیرینە لەدار ڕنە، دار ڕنە لەگوێ بە لە. گوێ بەلە بەری کەوی، پێ پانتۆک بە دوو کەوی؟)) (زینب/ هەولێر)

شیرینۆک ل دارینۆک، دارینۆک لە گوهبەلۆک، گوهبەلۆک بەری کەوت، پێ پەحنوک بەدیف کەوت؟)). (مامکێن... ل٣٢) ((شیرنیی شاری، هنگفینی داری، گوهبەلێ ب ڕێدا، پێ پانەی ب دیفدا؟)) (مامکێن...ل٣٢) ((شیرینۆک، دارە نۆک گوێ بەلۆک، پێ پانۆک))؟. (فۆلکلۆر ب/ ٢ ل٣٢). میوە، بەری داری بەردار کەپێ دەگات، کە پەسیرە شیرین دەبێ، ترێ لەدار مێو دەڕنن، دەکرایە ناو قەرتاڵەو سەوی لەشۆرەدار دروست کراو، لە وڵاخی گوێ بەل (بەڵ:_ ڕەپو لول وەستاو) (کەرومێستر) باردەکرا، وڵاخەکە بەبارەوە بەڕێ دەکەوت، کاروانچی پێ بان (مرۆڤ) دەست دەداتە دار دەستەکەیو دەکەوێتە دوای.

(مەتەلی ژمارە(٢) وە (٧) یەکیەتی فۆلکلۆری ناوچە جیاجیاکانی گەلەکەمان دەنوێنن)

٨_((ئالدم بالدم، شەش پێی دووسم، ئەگەر نەیزانی، پۆپیتەت دەگرم، پێت دادەقسم))؟. (علی ملا زاهیر/ هەولێر)

((هەشتم هەشتم، شەش پای دووسم، ئەگەر هەلی نەدەی دەدەمت تسم؟)).

(مەتەلەی کوردی ل٢٢) ((شەش پەنو بەنیلکەک، دارەکو دوو دەولو کوتلکەک))؟

(دوو مراری... ل١٦). تەرازوی دەسکردی کوردەواری کە ترێیان پێ دەکرییو دەفرۆشت بەم شێوەی خوارەوە دروست دەکرا:_ دارێکی ڕێکو ڕاست، لەناوەڕاستەوە بەنێکی پێوە دەبەسترا لەکاتی کێشانو کێش کردندا بەدەست دەگیرا (پۆپیتە)، شەش داوی یەکسان لەدرێژیدا (شەش پا)، هەر سەرەی دارەکە سێ داوی پێوە دەبەسترا نزیکەی ٥٠سم شۆڕ دەبوونەوە دوو دەفری یەکسان لەقەوارەو کێشدا (دوو سم)، ڕۆخی هەریەکێکیان لەسێ شوێنی یەکسان لەیەک دوور کون دەکراو سێ داوەکەی پێوە دەبەسترا. بۆ گاڵتەو پێکەنینو خۆش دەماخیو سازو سۆیەتی کۆڕی مەتەل پرسین، گوشار دەخرایە سەر مەتەل هەڵهێنەکانو هەندێک جنێوی تەڕو قسەی مزریان لەناو مەتەلەکاندا دەرخوارد دەدان تاکو چیان لەتوانا دابێت هەوڵ بدەن بۆ هەڵدانی مەتەلەکانو خۆیان لەجنێوەک دەرباز بکەن. ئەگینا لەهەڵدانی، پێکوتنی مەتەلەکەش دووبارە دەشوورانەوە.

٩_ ((ئەمڕۆ چوومە دەشتێ، دەعبایەکم گەیشتێ، چوار لاق لەحەردێ، دوو لە ئەنیشتێ، قوون لەبن کلکێ، گون لەسەر پشتێ)).

((تشتەکی چێت لدەشتێ، قینەکا لبنکلکێ، یەکا لهێسکی پشتێ، چوار پێ ئی لبن زگی، دوو ژێ لتەنیشتێ)) وەڵامەکەی سوار ئەسپێکە.

دووپای سوارەکە لەتەنیشتی ئەسپەکەیەو چوار پای ئەسپەکەش لەسەر زەوییە.

١٠_((ئەز چوومە دەشتا گەڤەرە، من تەیرەک دیت بەشاشو پەڕە، دارا مشکە فیقی تەڕە))؟. کانی... ل١٣٧. مێش هەنگوین مێروێکی باڵدارە. سەبەتە (قەرتاڵە= حەلە)ی بەخێوکردنی هەنگ لەشوورەداری تەڕ دروست دەکرێت، دوایی وشک دەبێتەوە، هەندێک جار لەناو کۆلکەداری کلۆر دادەبێت، شانەی هەنگ مێوێکی ووشکە، هەنگوینەکەی ناوی تەڕە. ((گەلەم ڕانی، ڕەپەم دۆشی)) (ڕۆژی کوردستان ژمارە ٦٣). ((مەڕ چوو هەوێزم دۆشت)) (کاروان ژ_ ٤٨ ل_ ١١٣)

لەکاتی هەنگوین برینەوەدا هەنگەکان لە شەخەلەکانیان (هەوێز = پەچە)

دەر دەکرێنە دەرەوەو شوێنەکەیان کەهەنگوینی تێدایە دەدۆشرێت.

١١_ بلووریـن گومەزێکم دی، مەهو ڕۆژی لەنێودایە، کە ڕاژ هەڵدێ لەگومەزدا، بلوورین شووشە ئەشکێنێ، بەفیکری خۆت هەڵی بێنە، موعەمایەکی هیند سەهلە کەتەیرۆکەش هەڵی دێنی؟)). فۆلکلۆر/ کامەران موکری. هێلکە گومەزێکی سپیو خڕو سەیرە، سپیلکو زەردێنی ناو هێلکەکە بەمانگو ڕۆژ دەچن، کەناوەڕۆکی هێلکەکە دەبێتە جووجەڵە، جوچکەکە بەدنوکی بلەوری شووشەی توێکڵی هێلکە دەشکێنێ، مەتەلەکە هەڵبێنە ئاسانە، هێلکەیە، هێلکەش تەیرۆکە (باڵندەی بچووک) لەسەری کورک (کڕ) دەبێو دەیکاتە جووجەڵەو هەڵدێنێ. زیرەکایەتیو بیرتیژیو ڕەوانبێژی تا ج ڕادەیەک بری کردووە!

لێکچواندنی نایابو بەهێزی تێدایە، هەڵهێنان وەک ڕەگەز دۆزی تەواو بۆ دوو مەبەستی لەیەکدی دوور بەکار هاتووە یەکێکیان هەڵهێنانی مەتەلە ئەوی دیکەش هەڵهێنانی هێلکەیە بەڵام دەسخەڕۆدانو شێواندنیشی تێدایە.

١٢- ((دارەک هەیە لەناو ئاوێ، پێنج گولان داوێ، سێ لەسێبەرێ، دوو لەبەر تاوێ)) ((دارەکا لهنداڤێ، پێنج (٥) چەڵ ژێ دەبەلاڤن، سێ لبەر سێبەرێ، دوو لبەر هەتاڤێ))؟

(مامكين...ل٤٤). ((پێنجین حەفتو هەشتی بێ ناوی، نۆ لەسێبەری، هەشت لەبەر تاوی)) (ستار عەباس رەزا/ هەولێر) لەرۆژێكدا پێنج نوێژ هەیە دەستوێژی بەئاو بۆ هەڵدەگیرێت، سێ نوێژ لەسێبەرە (رۆژ بەدەرەوە نیە) نۆڕكانە (ركاعات) كانێ دوو نوێژەكەی دیكەش رۆژ بەدەرەوەیە (هەشت ڕكاتە).

١٣- ((ئەستێرەی جەدی لەئاسمانـە، كـاوڕە مێیـە، دایكـی بەرانە))؟ (سلیمان قادر بەزەولوری). چۆن بـەران كـەنێرە دەزێتو بەرخی مێی لێ دەبێت...؟

((لێرەڕا هەتا مازن دەران، بپرسن لەعەقل بەسەران، بەرخی مێ، دایكی بەران؟)). (هەتەڵەی..ل٢٠) دایكە حەوا (بەرخی مێ) لەپەراسوی باوكە ئادەمەوە (بەران) دروست كراوە، گونجاندنی دوو شتی لەگەڵ یەكدی نەگونجاو، دژایـەتی، بـیرو بـاوەڕی ئـاینی... لەمەتەڵێكی بچوكدا.

١٤- ((سواری كەس نەبەزاندی، لاتكی كەس نەهەژاندی، باخی كەس نەچەقاندی؟)).

ئەم مەتەڵە لە(چـەند باسێكی ئـەدەبی ل٢٦) چاپكراوە بـەڵام سواری كـەس (نەبـەزاندی) بـووە بەسـواری كـەس (نەتـەراندی) وەڵامەكەشی لەمردنەوە بـووە بـە(با). ((مـەرگی كـەس نەچـەلاندو، لاتكی كەس ڕانەژاندو) ئاسمانو با (هەتەڵەی..ل٢١) مەتـەڵی ژمارە ١٤ مەتەڵێكی فەلسـەفی زۆر بـەرزە، هیـچ كەسێك مـردن یاعیزرائیل نابەزێنێتو لەدەستی رزگار نابێ، گۆڕ لەشێوە لاتك دایە چۆن منداڵ لەناو بێشكە درێژ دەكرێتو دەخـەوێت ئـەوهاش مردو لـەناو گۆڕەكـە درێژ دەكرێت بەڵام هیچ دایكێـك نـاتوانێت گـۆڕی كـوڕە مردووەكـەی ڕابژەنێت. پاش مردنو زیندو كردنەوە مرۆڤی خوائاسو كردەوە باش بەبەهەشـت شـاد دەبێـت، دارەكـانی میوەجـاتی بـاخی بەهەشـت بەدەستی كەس نەچاندراون.

١٥- ((مامریەك، هێلكە دووازدە، جووجەڵە سێ سـەدو پـەنجاو پازدە))؟ (رۆژی كوردستان -ژ٦٣). ((سێ سەدو شەسـتو شـەش جووچك، دووزادە هێكو ئێك مریشك)) ((دوو مراری..ل٤٠. لەگـەڵ كەمێك گۆڕان لـەعبدالباقی فـارس فـارس/ نوردوگـای قوشـتەپە) وەرگیراوە. ساڵێك دووزادە مانگە، سێ سەدو شەستو پێنج رۆژە.

١٦- ((چیە هەرتم لەماڵە، گەمـ شەكرە، گەمـ تاڵە))؟ كۆمەڵـە تێكستی...ل٢٦٩ ((ژ ژەهـری تاڵـترە، ژ هنگڤینـی شـیرینترە))؟ (كانی.. ل٢٦٩).

زمان هەموو كاتێك لەناو دەم دایە، ئەگەر بەچاكە گـەڕا، قسـەی شیرینو خۆشو بەسوودی كـرد، ئـەوا لەشـەكرو هـەنگوین شـیرینترە، ئەگەر ئاردلوتێژیشی ئازار دانو هەست بریندار كردنو كوكە نانـەوەبێت لەژەهر تاڵ ترەو لەخەنجەری دەبانی ژەهراوی كوشندەترە.

١٧- ((وی لای پـەژان، وی لای پـەژان، لنیڤـەكی مـۆریو مـەرجان))؟ (نووسـەری كـورد ژ ٨ ل١٤) ئـەم لای پـەرژین، ئـەولای پەرژین، تیایەتی (ناوەڕاستەكەی) كۆترێكی نەخشین))؟ (گۆڤاری پـەروەردەو زانسـت ژ(١) سـالی (١) ل٠٩٦). (خـەرمانێك.. ل١٢). (رۆژی كوردسـتان ژ٦٣). برژانـگ وەك پـەرژین وەسـتاوەو چـوار دەوری چاوی داوەو دەیپارێزێ، چـاو وەك كۆتـری نەخشـین (شـینو سپی، رەشو سپی، چاوبەڵـەك). خـڕو بریسـكە دارە وەك مـۆریو مەرجان.

١٨- ((بێ تەڕەتاڵە، لێـو تـەڕە دوونـە))؟ مـلا خـالد ابوبكر/ هـەولێر. ((لێـو تـەڕە دوونـە، بـی تەڕشـینە)) (گولبژێریـك.. ل٧٨) ((بی تەڕ تالـە)). (دەقـەكانی ئـەدەبی كـوردی... ل١٦٧) شـووڕی دار (بی) تەڕ تـامی تالـە، مرۆڤیش دوو لێـوی تـەڕی هەیـە. وەڵامی مەتەڵەكـە لەتێكسـتەكەی دایـە، بـەڵام بـەخێرایی دەگوترێـت تابیستەرەكەی چەواشە ببێت.

١٩- ((گۆشتی سەگی گرو [گەڕ] دەخورێ))؟ پێستەو گۆشتی سەگی گەڕ خورشتی هەیە! وەڵامەكە لـەدەقی مەتەڵەكە دایە بـەڵام بەهەڵەت دەبات.

٢٠- ((بـن پـێ شـینە، سـەرپێ سـپی‌یە، كـولاف زێڕینـە؟)) (مامكین... ل٥٦)

گەڵاو نێركی روەكی نێرگز. سەوزێكی شینباوە، پەڕی گوڵەكـەی سپی‌یەو ناوەندی گوڵەكە كلاوەیەكی ڕەنگ زەردی تێدایە كەبـەكڵاوی كوردەواری دەچێت. نێرگز گوڵێكی جوانو بـۆن خـۆشو سـەرنج ڕاكێشەری سروشتی كوردستانە، لەبەهاراندا نێرگز جارەكان پەلكێشی هەستو هۆشی مرۆ دەكەن. كورد دەورووبەرو سروشـتو ژیانی خۆی بەپێی بۆچونی كانیو شوێنی خۆی بەفۆلكلۆر تۆمار كردووە.

٢١- ((منداڵێك بانگی منداڵێكی دیكە دەكـاتو دەڵـێ: ((هـۆ هۆ... خاڵە! ئەتو خاڵی منی، ئەمنیش مامی تۆمە، باوكی من باپیری تۆیە؟)) (همین احمد عبدالرحمن) ئـەم خزمایەتی‌یە چۆن دەشێ؟ وەڵام: كـوڕو بـاوكێك دلكێكـی بێـوەژنو كیژەكـەی مـارە دەكـەن، دایكەكە بۆ كوڕەكـە، كچی بێوەژنەكـەش لـەباوكی كوڕەكـە مـارە دەكرێت. هەریەكەو كوڕێكیـان دەبێت، منداڵی (كوڕی) پـیرەژنو كوڕەكە بانگی كوڕی (منداڵی باوكەو كچەكە دەكات.

٢٢- (([١٠] دە كیلـۆ ڕۆن لـەناو هێزمیەك دایە كەقەبارەكەی (١٠) كیلۆ روون دەگرێت. (٢) دوو دەفری دیكەشمان هەیە، یەكێكیان حـەفت كیلۆ ڕۆن دەگرێتو ئەو دیكەشیان (٣) سـێ كیلۆ دەگرێت، روونەكە بكە بەدوو بەشی وەك یەك (٥) كیلـو + (٥) كیلـۆ، بەمەرجێك هیچ تـەرازوو دەفری دیكەشمان لانی‌یە جگە لە(٣) سێ دەفرەكەی كەناومان هێنان))؟

بۆ نووسینی ئەم بەركوتە سوود لە١٨ سەرچاوەی چـاپكراوو ١١ مەتەڵزان وەرگیراوە كەناویان هاتووە.